# دەسماڵ وەک پارچەیەک

دسماڵ، بەشێکە لە پارچەکانی جلی کوردی، کە جوانییەکی گەورە و ناسکی هەیە، بەجۆرێك دەکرێ سوودێکی گەورە وەربگرین بۆ ئەوەی جلە کوردییەکان زیاتر پێوەی رازاوەتر بکەین، ئەگەرچی مۆدەیەکی جوانی هەیە، کەچی گرنگییەکی تەواوی پێنادرێ لەلایەن خانمانی کورد، رەنگە بۆ جارێك تاقیکردنەوە، جوانییەکی





# ماكیاژێكی جوان بۆ خانمانی بووک

لەگەڵ هەر مۆدەیەك، چەندین جۆرە ماكیاژ دەردەكەون، ئەمەش وادەكەن خانمان سەریان لێوە بشێوێ لەوەی كامە مۆدەی ماكیاژ هەڵبژێرن بۆ ئەوەی رووخساریان پێوە برازێننەوە، بەتایبەت لەلایەن خانمانی بووك، بەهۆی خەریكبوونیان بە كاروباری هاوسەرگیری، رەنگە تووشی دوو دڵی ببن، بۆیە چەند مۆدەیەكی تایبەت دانراوە لە ماكیاژی نموونەیی، بۆ ئەوەی جوانییەكی گەورە و جوان لە رووخساری خانمانی بووك دەربكەوێنرێت.

ماكیاژی كراوە، یەكێكە لە مۆدە تازەكانی ماكیاژی خانمان، كە لەشێوەیەكی جوان و رازاوە دەبێ، تەنانەت لە نزیكەوە لەگەڵ شێوازێكی تایبەتدا دەردەكەوێ، ئەو جۆرە ماكیاژە جۆرە سادەیی و ناسكی پێوە دیارە، لەگەڵ ئەوەی دەكرێ سوودێكی باشیان لێوە ببینرێ لەو كاتەی خانمان جلی بووكێنی دەپۆشن و دەبن بە مۆدەیەكی جوان و رازاوە.

# ئێکسسوارە رەنگاوڕەنگەکان بۆ وەرزی پایز



جوانی ئێكسسوارەكان لەشێوە و نەخشەكانیان دەبێ، تەنانەت لە هەندێك لایەنی رەنگەكانیش كاری جوانی بۆ دەكرێ، دەبێ لە یەكێك لەو شێوازانە بێ، كە جێگەی رازانەوە و گرنگییەكی ئەوتۆ دەربخات لە جەستەی خانمان، رەنگە جوانی ئێكسسوار بە شێوەیەكی راستەوخۆ دەرنەكەوێ، بەڵام هەڵبژاردنی شێوازێكی تایبەت دەبێتە یەكێك لە ستایلە جوانەكان.


ئەوەی دەیبینن بریتییە لە ئێكسسواری رەنگاوڕەنگ، كە یەكێكە لە جوانترین و ناسكترین ئێكسسوارەكان، كە تەرخان كراوە بۆ ئەوەی لە وەرزی پاییز بپۆشرێ، چونكە رەنگەكان تێكەڵە و لەگەڵ گشت جۆرە جلێك دەگونجێ.

## ...ی جوان لە جلی کوردی

گەورەی لێدەکەوێتەوە.

جوانی دەسماڵ، وادەکات ڕەنگێکی ناسك لەسەر شانەکان دەربخات، تەنانەت بوونیان دەبێتە سەرنجڕاکێشی بۆ جلە کوردییەکە، بە تایبەت لەبەشی سەرەوەی جلی کوردی، دەبێ ڕەنگەکان بەجۆرێك بێ، کە لەگەڵ ڕەنگی کراسەکە بوەشێتەوە، یان جۆرە ڕەنگێ بێ، جیاواز و دەربکەوێ لە ڕەنگی جلەکە.









# ڕازانەوەی دیوارەکانی ماڵ

چەند هەنگاوێك دەبێتە ئەنجامی جوانییەکی گەورە لە جوانکاری ماڵ، یان دیکۆر و ستایلی کەرەستەکانی ماڵ، ئەمەش لەڕێگەی بیرکردنەوە لەکارە جوانەکان دەبێ، بۆ نموونە: دەکرێ لە دیکۆری ماڵدا سوود لە دیوارەکان وەربگرین بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە ماڵەکان برازێنینەوە، ئەمەش وادەکات ببێتە بەشێکی گرنگ لەجوانی دیکۆری ماڵ.

دوو ڕێگە هەیە دەکرێ دیوارەکانی ماڵ پێوەی جوان بکرێ، یەکێکیان بریتییە لە دانان و هەڵواسینی وێنە و تابلۆکان، ئەوەی دیکەش بریتییە لە دانانی وێنەکان، کە خۆی بەشێك بێ لە دیوارەکە، ئەمەش دەبێ لەلایەن کاری دیکۆرکاری هەنگاوی بۆ بکرێ، بەڵام جوانییەکی گەورە و ڕەها بە جوانی ماڵ دەبەخشێ.

# قردێلە بۆ قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان



لەگەڵ دەسپێکردنەوەی دەوامی قوتابخانە و کۆلێژەکان، بۆیە دەکرێ خانمان سوود لەجوانی جل و ئێکسسوارەکان وەربگرن بۆ ئەوەی لەشێوەیەکی تازەدا دەربکەون، ئەمەش کاتێك جۆرە ئێکسسوارەکان یان ئەو بەشانەی پێویستە لەڕێگەی جوانی شێوازەکاندا دەربکەوێ، یەکێك لەو ئێکسسوارە جوانانە کە دەکرێ بە بەشێك لەجلەکان دابنرێ، بریتییە لە (قردێلە) بۆ مل، یان ئەوەی لەسەر قەمیس دەپۆشرێ.

شێوازێکی جوان و سەرنجڕاکێش لەخۆ دەگرێ، بە تایبەت کاتێك لەکاتی قوتابخانە یان زانکۆ بپۆشرێ، ئەمەش وەك مۆدەیەکی جوان لەجوانی جلوبەرگەکان، جوانی قردێلە لەشێواز و ڕەنگ و ستایلی بەستنیەتی، بۆیە دەکرێ سوودێکی گەورە لە جوانی ئەو جۆرە ئێکسسوارە وەربگرین.

بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: مەهدی حاجی ساڵح بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :

Email: iwan_gardi@hotmail.com Mobile: 07504679560




# عەیب نەبی!

تابلــۆی ڕێکلامەکانی ســـەر مارکێت و دوکانـــەکان، لەلایەن خاوەنەکانیان دەنووســـرێ، ئەوەی ســـەیر بێ، هەر یەکە بە دڵ و خۆشی خۆی دەینووسێ، لە هەندێك شوێن پێچەوانەیە، مەبەست هەیە کاری قوڕســـە، بەڵام ناوێکی ناســـکی لە دوکانەکەی ناوە وەك: (ئاسنگەری خەندە بۆ لەحیم کردن)!

ئەگەر ســـەیرێکی ئەو تابلۆیە بکەین، شـــێوەیەکی زۆر سەیر دەبینین لەشێوەی نووســـینی تابلۆکە، کە نووسراوە (نووسینگەی عەیب نەبی )، ئەوە دەبێ بە موناســـەبەیەك ئەو ناوە نووســـرابێ، لەگەڵ ئەوەشـــدا لە خوارەوە هاتووە (لێکردنەوەی رەقەم بە درێل)، مانای ئەوەیە دیارە بە دەست ناتوانرێ رەقمێك لێبکرێتەوە..

# درێـژتـریـن کـچ لە جیهاندا

ژمارەیەکـــی کەم لە کچان یان ئافرەتان باڵایان بەرز دەبێ، مەبەســـت بەرز دەبـــێ وەك ئەوەی ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار بکات، ئەمەش وادیارە بۆ لایەنەکانی باڵابەرزبوون یان گەشەکردنی جەستە دەوەستێ، بەڵام وادیـــارە لەئێســـتاوە بەرەو داهاتوو ئـــەو لایەنە کاری دیکەی لێدەکەوێتـــەوە، وەك ئەوەی حاڵەتە جیاوازەکان دەردەکەون.

ئەم کچەی دەیبینن تەمەنی (١٤) ســـاڵە، کەچی باڵایەکی بـــەرزی هەیە بەقەد دوو ئەوەندەی کچێکی ئـــەو زەمانە دەبێ، درێژی باڵای ئـــەو کچە دەگاتە (٢٠٦)ســـەنتیمەتر، واتە زیاتر لە دوو مەتر، ئەو کچە ناوی (ئیلسانی سیلڤایە)و لەناو هاوڕێکانی بە جوانی دەردەکـــەوێ، ڕەنگە ببێتە درێژترین ئافرەتی جیهان لە داهاتوویەکی نزیکدا.



# منداڵێکی جەستە موگناتیس

حاڵەتە سەیرەکان لە چەندین شوێن و کاتی دیاری نەکراو دەردەکەون، ئەمەش وادەکات ببێتە لایەنێك لە سەیر و سەمەرە، بۆیە دەکرێ کاریان بۆ بکرێ، کاتێك شتێکی لەمجۆرە دەردەکەون، ئەو منداڵەی دەیبینن توانایەکی سرووشتی لەجەستەیدا هەیە، کە دەتوانێ کەرەستەی ئاسنین لە جەستەی نزیك بێتەوە، ئەمەش حاڵەتێکە لە هیچ شوێنێك شتی وا نەبووە.

ئەو منداڵە ناوی (هانیە سەعیدیە)یە و لەوڵاتی میسر دەژی، جەستەی وا دروست بووە کە کەرەستە ئاسنینەکان وەك :کەوچك یان کەرەستەکانی خواردن، لایەنی زانستی بریتییە بوونی ئایۆنی نیگەتیف لە جەستەی بە ڕێژەیەکی زۆر، ئەمەش وادەکات ئایۆنی پۆزەتیف رابکێشێ.






# بووک و زاوا کەسێکە!

شێوەی منداڵ لە هەر قۆناغێك بەشێوەیەك تێپەڕدەبێ، بەڵام لە هەندێك قۆناغدا شێوەی کچ و کوڕ تێکەڵ دەبێ و لە یەکتر دەچن، ئەمەش بەهۆی بچووکی تەمەنی منداڵە، ئەوەی دەیبینن رەنگە لەلاتان سەیر بێ، کە ئەو دوو منداڵە جمك بن، یان چۆنە، کەچی ئەگەر بە وردی سەیری وێنەکە بکەی، شتێکی جوان و سەیر بەدی دەکەی.

شێوەی ئەو منداڵە زیاتر لەکچ دەچێ، کەچی ئەو دوو کەسە لە وێنەکەدا تەنیا کەسێکە، بەڵام بەهۆی کاری جوانکاری توانراوە بکرێ بە بووک لەلایەنێك، هەروەها زاواش لە حاڵەتێکی دیکە، ئەو منداڵە ناوی (جەواد جاسم)ە و بە (میوان) ناسراوە، لە هەولێر دەژی، شێوەیەکی جوان و سەیری هەیە، کە قژی درێژە ئەوەی تا بە جوانی نەیبینێ، وادەزانێ کچە، کەچی خۆی کوڕە.


# بچووکترین پیاو

ئەگەر مرۆڤی درێژ هەبێ، دەبێ حاڵەتێکیش هەبێ لە مرۆڤی کورت، هەردوو لایەن دەبێ وەك کەسێکی ناسراو بن، لە ژمارە پێوانەییەکان ناوی تۆمار بکرێ، بۆ ئەوەی نازناوەکەی پێببەخشرێ کە هەیەتی، ئەو پیاوە لە وڵاتی کۆڵۆمبیا دەژی و تەمەنی (٢٤) ساڵە، تا ئێستاش بە بچووکترین پیاوی جیهان دادەنرێ، ئەمەش کاتێك بڕوانامەی بچووکترین پیاوی پێبەخشرا لە کتێبی ژمارە پێوانەییەکان، کە درێژی باڵای دەگات بە (٦٨) سەنتیمەتر، لەگەڵ ئەوەشدا کێشی تەنیا (١٠) کیلۆیە، ئەوەی سەیر بێ ئەو پیاوە لە دوای ئافرەتێك دەگەڕێ بۆ ئەوەی بیخوازێ، کە وەك خۆی نەبێ، دەیەوێ کەسێکی ئاسایی بێ بۆ ئەوەی لە داهاتوو منداڵەکانی ئاسایی بن.



# جیاوازی وێنە!

**بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت لەماوەی (٢) خولەکدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە.**




# کچانی کورد لە کوێن

کەی خانمانی کورد بە سەربەخۆیی و بەبێ شەرم دەتوانن وەکو ئەو خانمە یاری جمناستیك ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی وەکو کچانی دنیا بەشداری لە پاڵەوانێتی و کارە جوانەکان بکەن، بەناوی کچانی کورد!



## نوکتە

- کورێك دەچێتە لای کچێك و پێیدەڵێت، دەمەوێ بتخوازم رازی دەبی؟ کچەکە دەڵێت: رازی دەبم کورێکم دەوێت بەم شێوەیە بێت:

١- ٢٠٠ مسقاڵ زێڕم بۆ بکات

٢- خانووی سەربەخۆی هەبێ

٣- مانگی هەنگوینم لە ئەورووپا بۆم بکات...

کوڕەکەش دەڵێت: ئەگەر کورێکی ئەوها هەبوو منیش مێردی پێدەکەم!

## ڕەنکاورەنگ



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

چەند نهێنیەکی نوێ دەزانیت و ئیتر وەك جاران متمانە بە گشت هاوڕێکانت ناکەیت، کەسی بەرامبەر چاوەڕێت ئەکات، تۆش چیتر دڵی مەشکێنە و کارێك بکە پەیوەندی نێوانتان بەهێزتر بێت.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئێستا ژیانت گۆرانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، ئەرکی سەرشانت زیاتر بووە و بەرپرسیاریت زیادی کردووە، بۆیە دەبێت تۆش هەوڵ بدەی سیستەمێکی نوێ پەیڕەو بکەی.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

قەت ئەو پرسیارەت لەخۆت نەکردووە کە ڕۆژێك لەرۆژان دڵی کەسێکی ئازیزت لەخۆت ڕەنجاندووە، ئەگەر بچیت داوای بەخشینی لێ بکەیت و لاپەڕەیەکی نوێ لەنێوانتان بکەنەوە ئەوا کارێکی زۆرباش دەبێت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەوەندە لەخۆبایی مەبە کاتێك دەوروبەرەکەت بەباشی باست ئەکەن،هێشتا هەندێك بواری گرنگی ژیان هەن وەك پێویست بایەخیان پێنادەیت. نامەیەکی زۆر گرنگت بۆ دێت و نهێنی نوێی تێدایە.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

ڕاشکاوانە هەستی خۆت بە کەسی بەرامبەر ئاشکرا بکە، ئازاری خۆت و ئەو مەدە بە چاوەڕوانی، وا باشترە کاتێك دیاری بکەن بۆ بینینی یەکتر و قسەی ناخی دڵت بە ئاشکرا بە کەسی بەرامبەر بڵێ.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

خەونەکانت زۆرن و لەژماردن نایەن بۆ گەیشتن پێیان دەبێت هەوڵی زیاتر بدەیت، ئەگەر بەو شێوەیەی ئێستا بەردەوام بیت زۆر شتی گرنگت لە دەست دەچێت و دواتر پەشیمان دەبیتەوە.

**ئامادەکردنی:داریۆ**





## ئاســـۆیی:

١- چیایەکـــی کوردســـتانە(پ)- شارۆچکەیەکی کوردستانە

٢- دوو پیتـــی رەز- ژمارەیەکە(پ)- پیتێکی مۆسیقایە(پ).

٣- ئامێرێکـــی مۆســـیقایە- ناوێکی کوڕانە- سێ پیتی گاور

٤- سەرنووســـەری یەکـــەم رۆژنامەی کوردی.

٥- ژمارەیەکە(پ).

٦- شارۆچکەیەکی کوردستانە(پ) — شارۆچکەیەکی کوردستانە.

٧- روخسار- چیایەکی کوردستانە.

٨-خێرا

٩- یەکەم کەس بوو چاپخانەی هێنا کوردستان.

١٠- دەنگـــی کەڵێســـا- دارێکی کوردســـتانە(پ) — گیان لەبەرێکە.

١١- نەخێر(پ)- بێ دەنگ — نیوەی وانە.

١٢- شاعێرێکی کوردبوو- چیایەکی کوردستانە.

## ســـتوونی:

١- گۆرانیەکی هەردی ســـەڵاحە- گوندێکی کوردستانە(پ).

٢- سەرکردەیەکی کوردبوو(پ) — خەفەت- جێگای حەسانەوە.

٣- روورەش(پ) — خـــوی- قژ(پ).

٤- ئامێرێکی مۆسیقایە(پ).

٥- وەکـــو یـــەك- مندالـــێ بوو- رەگەزێکە.

٦- گۆرانیبێژێکـــی کۆچ کردووە- چیایەکی کوردستانە.

٧- پەتا(پ)- پایتەختی وڵاتێکی ئەوروپیە(پ).

٨- نیوەی قاد- بەشێکە لە لەش- چەکێکی کۆنە.

٩- پارێزگایەکی عێراقە.

١٠- لوول(پ) — رێگا(پ) — خواردنی ئاژەڵە(پ).

١١- فلمێکی یەکاز گۆنایە- تەنیشت- رادیۆیەکی کوردییە.

١٢- هەولیر پێی بەناوبانگە(پ)- چیایەکی کوردستانە.

ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## بۆ زاخـــاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

هەوڵبدە ناوی نهێنی لەم ئاسانکاریانە بدۆزیتەوە ئەمەش لە رێگەی دانانی هەر پیتێك لەناو بازنەیەك بۆ ئەوەی ناوی تەواو دەربچێت..

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێك لە جەستەی مرۆڤ هەیە و خرۆکەکانی خوێن بەرهەم دەهێنێت).
- پیتی خانەکانی (١+٣+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئامێرێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئوتۆمبێل بەکاردەهێنرێت کاتێك پەنچەر دەبێت).
- پیتی خانەکانی (٥+٦+٧) کۆبکەیتەوە بە مانای (شتێکە لە دەریا دروست دەبێت و دەخورێت و لە خواردن دەکرێت — ماددەیەکی سوێرە).
- پیتی خانەکانی (٥+٦+٧+٨) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شـــتێکە لە جەســـتەی گیانداران هەیە و هەردەم دەسوڕێتەوە بەناو جەستەی مرۆڤەوە، رەنگی سوورە).

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی ( پاریس ) بوو



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی کەسی بەرامبەر دەکەی، پەیوەندیەکی سۆزداری لەنێوانتان دەست پێدەکات و ژیانی هەردووکتان پڕ دەبێت لەبەختیاری، دەبێت هەمیشە ئاگاداری پاراستنی ئەو پەیوەندیە بن.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بایەخی زیاتر بە ڕێکخستنی باری دارایی خۆت بدە، دەرفەتێکت دێتە پێش بۆ دەستکەوتنی بڕێك پارە، ماوەی داهاتوو لەبەرژەوەندیت دایە و باری داراییت باشتر دەبێت.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

خۆت دووربگرە لە ناکۆکی و بە دڵێکی فراوانەوە رەخنەی هاوڕێیەکت قبوڵ بکە کە تۆی زۆر خۆشدەوێت. هەرچەندە زۆر ڕەخنەت ئاراستە دەکات و زۆربەی جار ڕەخنەکانی لەشوێنی خۆیان دان.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

زیاتر بایەخ بە چۆنیەتی خەرج کردنی پارە بدە و مەرج نییە بەردەوام بەو شێوەیە پارەت زۆر بێت بۆیە پێویستە بیر لەکاتی تەنگانە بکەیتەوە. بۆ خۆشبەختی خۆت هەوڵ بدە و دڵی دەوروبەرت خۆش بکە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەفتەیەکی ئاساییە، زۆربەی شتەکان وەك خۆیان دەبن، قسەی هاوڕێیەکت زۆر کاریگەریت لەسەر درووست دەکات کاتێك پێت دەڵێت چیتر بڕوا بە درۆیەکانت ناکەم، بەڵام ئەو گاڵتەت لەگەڵ ئەکات.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

وەك وەفایەك بۆ تۆ، هاوڕێیەکی نزیکت دیاریەکی بەنرخت پێشکەش دەکات، ماوەیەکی زۆرە چاوت بە هاوڕێکانت نەکەوتووە، لەکاتێکی نزیکدا دووبارە بە دیداری یەکتر شاد دەبنەوە.

hemntoni@yahoo.com